چونکە ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیووت : پەروەردگار لە گوناهەکانم خۆش بە لە ڕۆژی لێپرسینەوە (ڕۆژی قیامەت)

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، ئیبن جودعان لە جاهیلیەتدا پەیوەندی خزمایەتی دەگەیاند، وخۆراکی دەبەخشی بە هەژار، ئایا ئەوە سوودی بۆی دەبێت؟ فەرمووی: «سوودی بۆی نابێت، چونکە ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان نەیووت : پەروەردگار لە گوناهەکانم خۆش بە لە ڕۆژی لێپرسینەوە (ڕۆژی قیامەت)».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی کەسێک دەکات بەناوی عبد الله کوڕی جودعان کە لەسەرکردەکانی قورەیش بوو پیش ئیسلام، ولە کردەوە چاکەکانی: گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی وچاکەکاری بەرامبەریان، وخۆراک بەخشین بە هەژاران، وهتد لە کارە خێر وچاکەکان کە ئیسلام ئامۆژگاری کردووە بە ئەنجامدانیان، ئەم کردەوانە لە قیامەتدا سوودی پێناگەیەنێت؛ ئەمیش بەهۆی کوفری بە اللە، وڕۆژێک لە ڕۆژان نەی وتووە: خوایە لە گوناهەکانم خۆش بە لە ڕۆژی قیامەت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65009